# ئاسایشی سلیمانی لەسەر چەند دەقیقەیەك قسە، ریبوار عارف دەستگیر دەکات

هەر وەك هەمووما ئاگادارین ماوەیەکی زۆرە خوێندکارانی زانکۆی سلیمانی بەرامبەر بە دەسەلاتدارانی حکومەتی سلیمانی لە دژی گەندەلی ئیداری و بازرگانی بەزانستەوە چەند جار نارەزایەتی خۆیان نیشان داوە، وە لەم بارەیەشەوە خۆپیشاندانیان کردوە. هەرچەندە لەلایەن بەرپرسانی سلیمانی بەلینیان پی دراوە کە داخوازیەکانیان بۆ جێبەجی بکەن بەلام بەداخەوە هەر بەلێن بوە و هیچی تر، بەم بۆنەیەوە خوێندکارانی زانکۆی سلیمانی لە رۆژی 2005/5/4 دا رێپێوانێکی هیمنانەیان بۆ بەردەم ئەنجومەنی وەزیران لە سلیمانی بەرێخست. هاوری ریبوار عارف( بهادین وەستا بکر) سکرتیری گشتی فیدراسۆنی پەنابەرانی عێراق وبەرپرسی کەمپەینی دادگایی کردنی صدام و سەرانی بەعس، بۆ پشتیوانی لە داخوازی خوێندکاران وتارێکی پێشکەش بە ئامادەبوان کرد. وتارەکەی ریبوار عارف بووە جێگای خۆشحالی خویندکاران. هەربۆیە ئاسایشەکانی دەسەلاتی یەکیتی نیشتمانی نارەحەت بوون وە بەبی گوێدانە هیچ پرنسیپێکی سیاسی هاوری ریبواریان راپێچی ئاسایشگا بەد ناوەکەیان دەکەن. لە ئاسایشگا یەکیك لە ئاسایشەکان هاوری ریبوار دەناسیت وە زۆری پی سەیر دەبیت کە کەسیکی ئازادیخوازی وەك ریبوار عارف گیراوە هەر بۆیە دەست بەجی ئازادی دەکات. بەلام پاش ئەوەی لیپرسراوی ئاسایش ئاگادار دەبێت، دەلێ دەبیت بەزووترین کات رێبوار بگرنەوە. لەو کاتەدا ئاسایشەکان ریبوار عارفیان دەست ناکەوی هەر بۆیە بەعس ئاسا برایەکی ریبوار دەگرن وە پاشان ریبوار عارف دەچیت بۆ ئاسایش کە لە مەسەلەکە بکۆلێتەوە بەلام لەوی زیندانی دەکەن..

ئازادی خوازان، جەماوەری کوردستان!

هەروەك ئیوە ئاگادارن رۆژانە یەکیتی نیشتمانی لە دام ودەزگا راگەیاندنەکانیەوە باسی ئازادی سیاسی ومافی مرۆڤ و دیموکراتیەت دەکات، چەند جار لە زاری سکرتیرەکەیانەوە جەلال تالەبانی ئەم قسانە دوپات کراوەتەوە وە بەتەمان ئەم ئازادیەی کوردستان کە (بەرگەی چەند دەقیقەیەك لە قسەی کەسیکی ئازادیخواز ناگرێ) بیکەن بەنموونە بۆ عیراقی داهاتوو و ئەم کردەوەیەی یەکیتی هەمو ئەو ئیدعایانە پوچەل دەکاتەوە. لە هەمان کاتدا ئەو راستیە نیشان دەدات کە یەکیتی میژوویەکی پڕسەرکوتگەری مخالفینی سیاسی، تالان و برۆ، فەسادی ئیداری هەبووە.

زیندانی کردنی ریبوار عارف جاریکی تر نیشانەی کپ کردنی هەموو دەنگیکی ئازادی خوازە، هیرشە بۆ سەر ئازادی هەلسوورانی سیاسی لە کوردستان.

ئیمە وەك کۆمیتەی فنلاندی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق ویرای محکوم کردنی ئەم کارە دژی ئینسانیەی ئاسایشی یەکیتی نیشتمانی، داواکارین بەزووترین کات ئازادی بکەن وە داوای لیبوردن هەم لە ریبوار عارف وە هەم لە جەماوەری کوردستان بکەن.

بژی ئازادی بی قەید و شەرتی سیاسی!

بمری دیکتاتۆریەت و سەرکوتی سیاسی!

حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق – کۆمیتەی رێکخراوی فنلاندا

2005/5/6